# ئایا دوێنێ هەڵەبوو ئەمڕۆ دروستە ؟
# یان دوێنێ پێویست بوو ئەمڕۆ دروست کات ؟

هونەرمەند / سروود حاتەم

کوردستان وڵاتێکە پڕە لە دیمەنی جوان و بەشێکیش لە دابو نەریت ، دیمەنەکەی گەواهی بۆ ئـەوە دەدات کـە دەبوایـە پـێش چـەندین سـەدە وڵاتێکـی ئـازاد و سەربەخۆ و خاوەن ئاڵا بوایە لەبەر ئەوەی سروشتی کوردسـتان جگـە لـەو خاکـەی کـە پـڕە لـە خێـر و خێـرات ، جـۆرێکیش لــە کەسـایەتی زیـرەك و داهێنـەری لێ بەرهـەم هـاتووە بگـرە (سـەرکردە ، کەسـایەتی سیاسـی ، نووسـەر و شـاعیر ، دکتـۆر ، دەروونـاس ، هونەرمەنـد بـە هـەموو جۆرەکـانی ،....... هتد ) ئەمەش کەش و هەوا و خۆشەویستی ئەم وڵاتەیە بۆتە پاڵنەری ئەم هەموو شتە جوانـە ، بێگومـان ئەگـەر هـەر گـەلێك بیـەوێت شـوێنێکی سروشتی هەڵبژێرێ بۆ ئەوەی بیکات بە وڵاتی خۆی دڵنیابـە لـە کوردسـتانی جـوانتر دەسـت ناکـەوێ ئەمـەیان لـە لایـەك لایەنەکـەی تـری دابونـەریت و روحیەتی مرۆڤەکان بەرامبەر بە کوردسـتان ، بۆیـە پێویست ناکات بە شێوەیەکی وردتر بچمە نێو یەکە یەکەی شتە جوانەکانی کە لە چـەند سـاڵی رابـردوو بۆ ئەمڕۆی دروست کرد ، لێرەوە دەبێت مـن و ئـەو بـەراوردێك بکـەین ئایـا دوێنـێ هەڵـە بـوو ئـەمڕۆ دروستە ؟ یان دوێنێ پێویسـت بـوو ئـەمڕۆ دروسـت کات ؟ ... بێگومان ئەم لێکدانەوەیە گشتیە بەڵام من

لـە روانگـەی کـار و پێکهاتـەکانی هونـەری گـۆرانی و مۆسیقا دەدوێم بۆ ئەوەی راستیەکان بـە دەسـتبێنم بۆ خۆم نا بۆ ئەوە ، چونکە ئـەو هـەر دەڵێ (ئەمـە پێـشکەوتنە ، ئەمـە تەکنیکـە ، ئەمـە نوێخوازیـە ، ئەمـە هەسـت و نەسـتی گـەنج دەجـوڵێنی ، ئەمـە داهێنـــانی تـــەواوە ، نانـــا ئەمـــەش هونـــەرە داهێنەرەکەیە) لێرەوە دەروازەی گفتوگۆ دروست بوو پێم وت ، هەموو ئەو شتانەی بەرێزتم قبوڵە چونکە کۆمـەڵێك پاڵنـەر هـەن جـەنابتیان بـەم شـێوەیە درووست کرد (١. وەزارەتی فۆلکلۆر و کلتوری کوردی ، ٢. بیرکردنەوەیـــەکی هەرەمـــەکی ، ٣. چـــەپڵەی نەخوێندەواران ، ٤. هونەرێك بازرگانی سەرپەرشتی بکات نەوەك بەهرە شاراوەکە) ئەویش تۆزێك داماو وتی بۆچی پێتوایە من هەرزەکارم لە کاری هونەری ، تـۆ دەزانـی مـن لـە دەرەوەی وڵات هاتومەتـەوە و کۆمـەڵێك دابونـەریتی وڵاتـانی دەرەوەم هێنـاوە بـۆ ئـەوەی هـەوادارانی هونـەری کـوردی لـەم ڤیرانـە فۆلکلۆرە کۆنە رزگاریان بکەم ، پاشان دەمەوێ بزانی مـن هـەر مـەجبوورنیم بێمـەوە کوردسـتان و بـە زاراوەی کوردی گۆرانی بڵێم چونکە مـن کۆمـەڵێك زاراوە دەزانم بۆ ئەوەی گۆرانی پـێ بڵـێم ، هەریـەك لەم زاراوانە من گۆرانی پێ بڵێم لە کۆنسێرتەکانی



فۆلكلۆری كوردی كه چەندین ساڵە هەیە گۆرانی بەرهەم بهێنم ، كوا گۆرانی و مۆسیقای كوردی باوی ماوە ، تۆ كه لە بواری گۆرانی و مۆسیقای كوردی كاردەكەی كوانێ كێ پێت دەڵێ ئەوە رەنجی تۆیە كه بەم شێوەیە بیر دەكەیتەوە ، پاشان بوەستە ئەی ئەوەنیە خۆیان بە دوامدا دەگەرێن و پارە و پوڵم بۆ سەرف دەكەن ، ئەی بۆچی بۆ گۆرانی بێژێكی ...... ئەوە چی پێ دەڵێن ...... ستایلی كوردی سەرف ناكەن ، دیارە ئەو نازانی گۆرانی بڵێت من دەزانم بە جوانترین شێوە گۆرانیەكی (توركی ، عەرەبی ، فارسی) كۆپی پێست بكەم بۆ كوردی ئەی ئەوە داهێنان نیە !!؟ زۆر بە شڵەژاوی دووبارەی كردەوە وتی ئەی ئەوە هەستی گەنج ناجوڵێنی ئەی بۆچی لایەنی پەیوەندیدار هاوكاری تەواوم دەكەن ، دیارە ئەوە هونەرە جا چ پێویست دەكات باسی فۆلكلۆر و راستیەكان بەدەستبێنم ، بەڵام ئێستا زانیم ئێمە فریای شتە جوانەكان ناكەوین لە دیدی ئێوە بەڵام هەریەك لە ئێمە پێویستە لە چوارچێوەی كلتورەكەی خۆی بناسرێت بۆ ئەوەی وڵاتانی تریش بزانن ئێمەش هەین چونكە ئاڵای وڵاتی ئێمە سێ رەنگیە بۆ ناساندنی هێز و موعاناتی و كلتوری ، ئێستا جەنابتان كامەیانت ناساندوه ؟؟ ١. وڵاتت جێهێشتووە ، ٢. بە گرێبەست گەرایتەوە ، ٣. هاتووی كلتوری وڵاتەكەت بناسیەوە یان پێتوایە بەرهەمەكانی هونەرمەندانی پێشەنگ بۆتە بلقی سەرئاو ، وتی ئەرێ كاكە تۆ منت بانگێشت كردووە بۆ ئەو پرسیارانە لەوان ناكەی ، منیش ناچاربووم پێی بڵێم نامەوێت لێم زویربیت بەڵام تكایە خۆت و هونەرەكەت و وەزارەتی فۆلكلۆر و كلتوری كوردی وڵامی ئەو مانشێتەی سەرەوە بدەنەوە ؟